# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ناونیشانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو:

هەولێر : گەڕەکی ئەمیراوە
بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی
دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤


## لە ڕۆژی بەساڵاچواندا با گوێیان لێبگرین ل٩





## ئافرەتانی بەساڵاچوو لە هەولێردا .. ! بێ ناز کەوتون ل٩

## نۆ ملیۆن قەیرە کچ لە میسر هەیە ل٨





## یەکەم کاروانی حاجیان بۆ سعودیە لە بەریتانیاوە دەبێت.. ل٨

# قسەیەکی تر

## ڕێکخراوەکانی مامۆستایان چییان دەوت و چی دەکەن

### دارا سیکانیانی

وا بڕیارە لە چەند ڕۆژێکی داهاتوودا کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان ببەسترێت. یەکێتی مامۆستایان یەکێکە لە ڕێکخراوە پیشەییەکان، کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندام لەخۆ ئەگرێت لەچاو ڕێکخراوەکانی تری هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەوەی کە مایەی لەسەروەستان و جێگای باسکردنە، ئەوەیە ئەم ڕێکخراوە لە ڕابردوودا لە ماوەی تەمەنی ڕێکخراوەییدا نەیتوانیوە ببێتە جێگای ئومێدی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان و نەیتوانیوە بە ئەرک و ڕۆڵەکانی خۆی وەک پێویست هەستێت بە خزمەتکردنی مامۆستایانی کوردستان، بەداخەوە ئەمیش وەک ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر لەژێر کاریگەریی هەژموونی دەسەڵات و حیزبە باڵادەستەکاندا بووە، ئەوەندەی لەبیری پاراستنی بەرژەوەندی حیزب و مامۆستایانی ئەندام لەو حیزبانەدا بووە، ئەوەندە لەبیری بەدیهاتنی داخوازییەکانی مامۆستایاندا نەبووە بەگشتی، بۆیە ئەگەر بە وردی سەیری کار و چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە بکەین، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم ڕێکخراوە نەک نەبۆتە ماڵ و شوێنی حەوانەوە و داکۆکیکردنی مافەکانی توێژی مامۆستایان، بەڵکو خۆی زۆر جار بۆتە لەمپەر و گرفت بۆ خودی مامۆستایان، چونکە ئەم ڕێکخراوە خۆی لەژێر کاریگەری و بڕیاری هەردوو حیزبە باڵادەستەکەی کوردستاندا بووە، ئەو کارانەی کە حیزب ویستویەتی لەناو توێژی مامۆستایاندا ئەنجامی بدا، ئەوا زۆر جار لە ڕێگای ئەم ڕێکخراوەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا ئەنجامی داوە، وەک دانانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانە و خوێندنگاکان، هەروەها کارئاسانی بۆ ڕێکخراوە قوتابی و خوێنکارییەکانی سەر بە دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان لە ناوەندەکانی خوێندندا و چەندان جار کاری کردووە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕێکخراوەکانی لایەنەکانی تر بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکیەکانیان، بۆیە ئەوەی مایی داخە نەک ئەم ڕێکخراوە نەبۆتە جێگای ئومێدی مامۆستایان لە کوردستاندا، بەڵکو خۆی بۆتە ئەو شوێنەی کە بەناویەوە کێشە و گرفت بۆ مامۆستایان دروست بکات ئەکرێت، بۆیە وەک باس ئەکەن کە گوایە لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئەم ڕێکخراوە ئەیەوێت کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بۆیە پێویستە زۆر بەجددی هەنگاوی کرداری بنێت و بتوانن ئەم ڕێکخراوە لەم قەیرانەی کە تێی کەوتووە ڕزگاری بکەن، کە ئەتوانین بڵێین گەورەترین قەیرانیش ئەوەیە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئەم هەرێمە متمانەیان بەم ڕێکخراوە نییە، تەنانەتە کە خۆشیان بە ئەندام بزانن تیایدا، چ جای ئەوەی کە لە ئاستی داخوازییەکانی مامۆستایاندا بێت و بتوانێت داکۆکی لە مافە پیشەییەکانیان بکات، بۆیە لەم هەلومەرجەدا ئەرکی سەرشانی ئەندامانی کۆنگرەی مامۆستایان زۆر لەوە پیرۆزترە کە لەبیری پاراستنی بەرژەوەندی حیزبەکەیاندا بن، ئەتوانین بڵێین هەلێکی باش لەبەردەم ئەم ڕێکخراوەدایە بۆئەوەی بتوانێت نوێنەرێکی ڕاستەقینەی توێژی مامۆستایان بێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئەیبیستین ئەوەیە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو ئەکرێتەوە، ئەوەیە کە لایەنەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە، یان باشتر وایە بڵێین ئەو لیستانەی کە دەنگی مامۆستایانیان بەدەستهێناوە بۆ دانوستانەکان دابەشکردنی پۆستەکانی ڕێکخراوی مامۆستیان لە ئایندەدا پێش ئەوەی بچنە کۆبوونەوەکانەوە لەلایەن حیزبەکانیانەوە ئاراستە ئەکرێن بۆئەوەوی لەگەڵ لیستەکانی تردا بگەنە ریکەوتن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوەمان پێ ئەڵێت کە بەداخەوە لەم کاتە گرنگەی ئێستادا کاری ئەم ریکخراوە ئەیانەوێت بۆ داهاتووش بە تەوافوقاتی لایەنە سیاسیەکان ڕەنگرێژی ڕێکخراوێکی گرنگی وەک یەکێتی مامۆستایان بکەن، باشە خۆ هەموو لیستەکان لە کاتی بانگەشەیاندا دەیانوت کار بۆ ئەوە ئەکەین کە دەستی حیزب لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕێکخراوەکەدا دوورخەینەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا نەک نایانەوێت دەست و بڕیارەکانی حیزب لە ناوەندەکان و پرۆسەی پەروەردەدا دەستی حیزب دوورخەنەوە، بەڵکو ئەیانەوێت پێش هەر هەنگاوێک حیزبەکان لە خۆیان ڕازی بکەن، باشە ئەم ڕێکخراوانە لە خۆیان ناپرسن چیمان ئەوت و داوای چیمان ئەکرد و ئێستا چی ئەکەین؟!

